# پیکیتی ناڕەزایەتی بە دژی سیناریۆی هەڵبژاردن لە عێراق






لە درێژەی چالاکیەکانی ڕێکخراوی نەرویجی حزب بە دژی "هەڵبژاردن" و بۆ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێش "هەڵبژاردن"، تەشکیلاتی حزب لە شارەکانی ئۆسلۆو فریدریکستاد هەستان بە دانانی پیکیتی ناڕەزایەتی و مێزکتێب لە ناوەندی هەردووو شاردا. ڕۆژانی 15،14،7 ی مانگ لە شاری فریدریکستاد و ڕۆژانی 14، 15 ی مانگ لە شاری ئۆسلۆ.

دەیان وێنە لە ڕاگەیاندنی پلینیۆمی 15 لەسەر هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد بە زمانە جۆراو جۆرەکان بڵاوکرانەوە. هەروەها بڵاوکراوەکانی ئۆکتۆبەرو الشیوعیه العمالیه و فۆروەرد بڵاوکرانەوە. سەرەڕای ئەمانەش بانگەوازی کامل احمد بە زمانەکانی کوردی و عربی بڵاوکرانەوە. شایانی باسە چەندین کەس لە خەڵکی نەرویجی و کورد زمان و عەرەب زمان لە دەوری مێزەکە کۆبوونەوەو وەڵام بە پرسیارەکانیان درایەوە. وە بڵاوکراوەی "فرێدریکستاد بلادە"، چاوپێکەوتنی لەگەڵ جبار محسن و ئەنوەر نوری دا سازدا سەبارەت بەو مەسەلەیەو داوای ئەوەی کرد کە بەدیلی حزب ڕوونبکەنەوە.

هەروەها لە شاری ئۆسلۆ لە کۆڕێکی دکتۆر کازم حبیب دا کە لەسەر ئەوزاعی عێراق و بەشداری لە هەڵبژاردندا بوو بە زمانی عەرەبی کامل احمد بە ناوی بەرپرسی حزبەوە لە نەرویج قسەی کردوو هەڵوێستی حزبی بۆ ئامادەبووان لەسەر هەڵبژاردنەکان ڕوونکردەوەو داوای لە ئامادەبووانیش کرد کە موقاتەعەی هەڵبژاردن بکەن و لەم سیناریۆ گاڵتەجاڕانەیەدا بەشداری نەکەن. لە کۆتایی کۆڕەکەشدا ڕاگەیاندنی پلنیۆم و بڵاوکراوەی الشیوعیه العمالیه لە نێو ئامادەبوواندا بڵاوکرایەوە.

**ڕێکخراوی نەرویجی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/01/16